**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٤٥٢٠ لە ٢٠٢١/٢/١٨**

**بەیانی ژمارە (٥) ساڵی ٢٠٢٠**
**فراوان کردنی حەرەمی گوندی کانیلان**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لەیاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ماددەی (شەشەم) برگە (سێزدەیەم) لە یاسای پارێزگاکانی هەرێم ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموار کراو و رێنمایی وەزارەتمان تایبەت بە فراوانکردنی و هێنانەکایە و گواستنەوەی شوێنی گوندەکان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ی هەموار کراو و بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢١ و ئاماژە بە نووسراوەکانی پارێزگای دهۆک ژمارە (٣٥٣ لە ٢٠٢١/١/٢٠) و(٧٩٣ لە ٢٠٢١/٢/٩) دوا بەدوای هەر دوو نووسراومان ژمارە (٣١٦٤ لە ٢٠١٨/١/٢٤) لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە :

- فراوان کردنی حەرەمی گوندی (**کانیلان**) و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ لە سنوری قەزای بەردەڕەش – پارێزگای دهۆک بە ڕووبەری (٥ ، ٣) سێ دۆنم و نیو لەسەر پارچە زەوی ژمارە (١/١٠) لە کەرتی (٥٨) کانیلان وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای دهۆک سەرەوە هاتووە بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.
- ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت .

**رێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٤٥٢٠ لە ٢٠٢١/٢/١٨**

**بەیانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢١**

دوابەدوای بەیانی ژمارە (٣-٥-٦-٨-١٠-١١-١٢-١٣-١٤-١٥-١٦-١٧-١٨-١٩-٢٠-٢١-٢٢-٢٣-٢٤-٢٥-٢٦-٢٧-٢٨-٢٩-٣١-٣٤-٣٥-٣٦-٣٧-٣٨-٣٩-٤١- ٤٢-٤٤-٤٦-٤٨-٥٢-٥٧-٥٨)ی ساڵی ٢٠٢٠ و (١)ی ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە رێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا) و کۆبوونەوەی لێژنەی باڵای بەرنگاربوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا) لە ٢٠٢١/٢/٣ و لە پێناو پاراستنی ئاسایشی تەندروستی هەرێمی کوردستان ، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :

**یەکەم:**کردنەوەی دەروازەی سنوری (سەرزێر) بە ڕووی گەشتیاران.

**دووەم:** ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٤٩٦٣ لە ٢٠٢١/٢/٢٣**

**بەیانی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢١**

دوابەدوای بەیانی ژمارە (٣-٥-٦-٨-١٠-١١-١٢-١٣-١٤-١٥-١٦-١٧-١٨-١٩-٢٠-٢١-٢٢-٢٣-٢٤-٢٥-٢٦-٢٧-٢٨-٢٩-٣١-٣٤-٣٥-٣٦-٣٧-٣٨-٣٩-٤١- ٤٢-٤٤-٤٦-٤٨-٥٢-٥٧-٥٨)ی ساڵی ٢٠٢٠ و (١،٦)ی ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە رێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا) لیژنەی باڵای بەرنگاربوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا) لە ٢٠٢١/٢/٢٢ کۆبوونەوی خۆی ئەنجامدا و لە سەرەتایی کۆبوونەوە سلاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ئەنفالکراوی دوڵی چافایەتی لە سلێمانی نارد و دوای تاوتوێ کردنی بارۆدوخی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان و لە پێناو پاراستنی ئاسایشی تەندروستی هەرێمی کوردستان بڕیاردرا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :

**یەکەم:** پرۆسەی خوێندن لە قوتابخانەکان بەردەوام دەبێت بەم رێکارانەی ئێستا و بە رێنمایی توندی تەندروستی.

**دووەم:** پرۆسەی خوێندن لە زانکو و پەیمانگاکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەردەوام دەبێت بەم رێکارانەی ئێستا و رێنمایی توندی تەندروستی.

**سێ یەم:** بۆنە و یادە نەتەوییەکان بەرز ڕادەگیرێت بە بێ ئەوەی هیچ گردبوونەوە و کۆبوونەوەیەك ئەنجام بدرێت و داوا لە هەموو لایەنە سیاسیەکان و رێکخراوەکان و کومەڵگەی مەدەنی دەکەین زیاتر هاوکارمان بن.

**چوارەم:** ژووری ئۆپەراسیونەکانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان کۆبوونەوە ئەنجام بدەن بە مەبەستی زیاتر توندکردنی رێکارەکانی تەندروستی بە تایبەتی بەستنی ماسك ، و رێگانەدان بە گردبوونەوە و کۆبوونەوە و جێبەجێ کردنی سزای نەبەستنی ماسك بەپێی بەیانی ژمارە (٥٢)ی ساڵی ٢٠٢٠.

**پێنجەم:** هەموو چالاکییە وەرزشییەکان بەبێ ئامادەبوونی هاندەران لە یاریگاکان ئەنجام دەدرێت.

**شەشەم:** سنوردارکردنی هاتنی گەشتیاران لە پارێزگاکانی تری عێراق بۆ هەرێمی کوردستان جگە لە ئاژانس و رێکخراوەکانی (UN) و رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و هاوپەیمانان و دیپلۆماتکاران و شاندە فەرمییەکان و ئەوانەی سەردانی پزیشك دەکەن بەپێی رێنماییە تەندروستیەکان.

**حەفتەم:** قەدەغەکردنی داوەت و شایی و چوونە سەقەبران و دانانی پرسە بەردەوام دەبێت و بنکەی پۆلیس و موختاری گەرەك بەرپرسیارن، و هەر کەسێك پابەند نەبێت بە بڕی (٢،٠٠٠،٠٠٠) دوو ملیون دینار پێبژاردن پێ دەکرێت.

**هەشتەم:** ئەنجام دانی نوێژکردن لە مزگەوتەکان و کەنیسەکان و پەرستگاکان بە پێی ڕێنمایی توندی تەندروستی دەبێت و بە پێی ئەو ڕێنماییانەی کە پێشتر وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ڕایگەیاندووە.

**نۆیەم:** هەر کاتێك بارۆدوخەکە لە ڕووی تەندروستی ئالوز بوو وەزیری ناوخۆ لەگەل وەزیرانی تەندروستی و خوێندنی باڵا و پەروەردە بە هەماهەنگی لەگەل پارێزگارەکان و سەرپەرشتیاری ئیدارەکان بریاری پێویست دەدرێت.

**دەیەم:** فەرمانگە حکومییەکان بەردەوام دەبن بە جێبەجێ کردنی ڕێکارەکانی خۆپارێزی و لە لایەن وەزیری پەیوەندیدار چاودێری جێبەجێ کردنی ئەو ڕێکارانە دەکرێت بەپێی بەیانی ژمارە (٥٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ ماددەی حەفتەم.

**یانزدەیەم:** تەنها وەزارەتی تەندروستی بەرپرسیارە لە بلاوکردنەوەی داتاکانی کۆرۆنا.

**دوانزدەیەم:** سوپاسی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەکەین کە بە گیانێکی بەرزی پڕ بەرپرسیارەتی لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئەم پەتایە هاوکار و پشتیوانی حکومەتی هەرێم بوون لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم پەتایە و داوایان لێ دەکەین بەردەوام بن لە هاوکاری و پشتیوانی حکومەت.

**سیانزدەیەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**